# سیمفۆنیای عەشقێکی جوان

مالّی عومرم ڕما کە ڕۆی دوولبەر لەم غوربەت و بیابانە
باخی دلّم ووشک و سیسە بێ ئەو زووقم و شەختەم لەم ژیانە
قورس و تالّ و تاریکە ئەم ژینە شیرینە بێ ئەو چارم چی یە
ژین و بوونم نی یە ئەو لە ڕۆحما نەبێ هیچ و پوچە ئەم دەورانە
زەمانێ بوو هەرگیز گوولّی سووری عەشقم لە بەرۆک نەدەهاتە خوار
ئێستا ڕەش پۆش و قەرەجم لە مەنفا کووشتمی غەم و داخی ئەم زەمانە
عەیامێ بوو شاد بووم لێوان لێوی ژیان مەست بووم لە نیگا جوانەکانی ئەو
کە ئەیزانی منم ڕێبوار کراوە بوو هەردەم ئەو دەرگای دلّی بێ باکانە
بەسەرچوو ناسکی و جوانی تەمەن ئەمڕۆ نۆبەتی کۆچان و گالّۆکە
بۆیە شەیدا بووم بە دوێنێ ئەمڕۆ بێ دۆستە ئەم تالّە سپیانە
سیمای چرچ و لۆچ و تاریکم مەبینە ئەی عەزیزی ڕۆحی من
وەرە سەیری دلّی شەیداو سپیم کە کە چەند عاشقە بەو دوو چاوانە

م . حەمید عەزیز
Hamid773@hotmail.com
Hamid774@yahoo.com